International Commission on Missing Persons

# پەڕەی ڕاستیەکان













## کەسانی بێسەروشوێن

ئەمرۆ لە سەرانسەری جیهاندا، ملیۆنەها حالەتی بێسەروشووێن بوون راپۆرت دەکرێت کە هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ ناکۆکی چەکداری و پێشیلکاری لە مافی مرۆڤ دا. گرفتی وونبوون و بیسەروشوێنبوون بە شیوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە لە ٢٠ سالی دواییدا، وە گۆران لە کەش و هەوا و دابەزینی ئاستی ژینگە، کارەساتی سروشتی و کۆچکردنی بە لیشاوی بە دوای خۆی هیناوە، نا ئارامی باری سیاسی لە بەشیکی زۆری جیهان دا بۆتە هۆی پیشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ و شکستی دەسەلات لە چەسپاندنی سەروەری یاسا، هەرچەندە بابەتی بیسەروشوێنکراوان یەکێکە لە بەربەستە جیهانییەکانی بەردەم پاراستنی مافی مرۆڤ لە جیهاندا بەڵام بابەتێکی تەواو گرنگە. شکستی دەسەڵات لە دۆزینەوەی ئەم ژمارە زۆرەی کەسانی ونبوودا کە بە زۆرە ملێ بێسەرووشوێن کراون هەڵوەشاندنەوەیەکی سەرەکی سەروەری یاسایە. هەر بۆیە بەپرسیاریەتی دەسەلات و کارکردن بۆ ئەم مەبەستە گرنگە لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی.

## پێ سپاردنی کار

لیژنەی نێودەولەتی بۆ کەسانی بێسەرووشوێن ICMP، رێکخراویکی نیودەولەتی سەربەخۆیە، کە بنکەکەی لە لاهایە، بە ئەزموونی زیاتر لە ٢٠ سال کارکردن لە ٤٠ وولاتی جیاوازدا، تاکە ریکخراوی نیودەولەتیە کە ڕآسپێردراوە بەتایبەتی بۆ کارکردن لەسەر کێشەی کەسانی ونبوو. لیژنەی نێودوڵەتی بۆ کەسانی بێسەرووشوێن ICMP یارمەتی حکومەت و دەسەلات دەدات لە بنیاتنانی دامەزراوەی یاسایی کە بەشیوەیەکی سەرکەوتوانە و بێ لایەنانە کاربکات لەسەر گەڕان و دۆزینەوەی کەسانی بیسەرووشوێن دا. وە هەروەها پشتگیری ئەو هەوڵآنە دەکات بۆ پەرەپێدانی یاسا تاوەکو خێزانی کەسە ونبووەکان بگەن بە مافەکانیان. لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەرووشوێن هاوکاری لایەنە پەیوەندادەرەکانی کردووە لە بەکارهێنانی تەکنیکی شیکاری پێشکەوتوو و هەروەها پێشەنگ بوون لە بەکارهێنانی ڕێگەکانی ترشی بۆماوەیی بەشێوەیەکی مۆدێرن بۆ دۆزینەوە و دیارکردنی کەسانی بێسەرووشوێن کە لە بارووردۆخی جیاوازدا لە شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا بێسەرووشوێن بوون. لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەرووشوێن ICMP خاوەنی توانایەکی جیهانی بێ دەستکەوتی پێشکەوتووە بۆ ئەنجامدانی پشکنینی ترشی بۆماوەیی دیاریکردنی مرۆڤ لەسەر ئاستی فراوان. لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەرووشوێن وەڵآمی داوکاریی دەداتەوە بۆ بە دۆکیۆمێنکردن و شایەتی دان لە دادگا نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکاندا دەربارەی ئەو بابەتانەی پەیوەندیان هەیە بە تاوانی جەنگ و توان دژ بە مرۆڤایەتی و جینۆساید و تاوانەکانی تر لە ژێر سایەی یاسای نێودەوڵەتی.

## برۆژە پەیوەستەکان

لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەرووشوێن کار بە پێنج پرۆژە دەکات. **دامەزراوە و پرۆگرامی گەشەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی** هاوکار دەبێت لە بەدەستهێنانی یەکسانی کۆمەڵایەتی و و پێشکەشکردنی هاریکاری یاسایی و پشتگیری گەشەسەندنی تۆڕی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەدات کە بانگەشە بۆ ڕاستی و دادپەروەری و مافی ئەندامانی خێزانی کەسانی ونبوو دەکات. پرۆگرامی گەشەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی کۆربەندی جیهانی تایبەت بە کەسانی ونبوو بەڕێوە دەبات کە شارەزایان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و کەسە پەیوەندارەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە لەسەرانسەری جیهاندا تۆ پەرەپێدانی تێگەیشتن و کارکردن لەسەر کێشەی کەسانی بێسەرووشوێن. **پرۆگرامی زانست و تەکنەلۆژیا** پێشکەوتووترین چارەسەرە تەکنیکیەکان پێشکەش دەکات لەرێگەی هاوکاری هونەری ڕاستەوخۆ و هەروەها ڕاهێنان و دروستکردنی توانا و تاقیکردنەوەی ترشی بۆماوەیی بە توانایەکی زۆر، وە ئەزموون لە زانستی شوێنەوار و ئەنترۆپۆلۆژیا. **پرۆگرامی سیستەمی زانیاری، سیستەمی بەڕێوبردنی دیاریکردنی زانیارییەکان** لە خۆ دەگرێت کە داتا و زانیارییەکان کۆدەکاتەوە و هەڵدەگرێت و و بەشداری پێدەکات بەشێوەیەکی پارێزراو دەربارەی کەسانی ونبوو. ئەم سیستەمە دەتوانرێت لە هەر شوێنێکی جیهانەوە بێت بگەێیت پێ ی لەلایەن ئەو کەسانەی دەیانەوێت زانیاری ببەخشن دەربارەی کەسانی بێسەرووشوێن، بە بەکارهێنانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئۆنلاینی تایبەت بە لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەرووشوێن. **پرۆگرامی بەشی هاریکاری یاسایی،** پشتگیری دەستپێشخەری یاسا نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان دەکات بۆ گەڕان بەدوای کەسانی بێسەرووشوێندا لەسەر بنەمای کاری دیموکراسی و سەروەری یاسا. **پرۆگرامی ناوەندی ڕاهینان و نمونەیی** یارمەتی گواستنەوەی تواناکان و ستراتیژەکان و هەروەها باشترین کارپێکردن دەدات کە لەلایەن لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەرووشوێن پەرەی پێدراوە. کار لەسەر خوولی ڕاهێنان بو تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ترشی بۆماوەیی و سیستەمی زانیاری پێشکەوتوو و هەڵکەندنی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و گۆڕە نهێنیەکان، ڕێکارەکانی ئاڵوگۆڕکردن و بەڕێوبردنی شوێنەواری تاوان.

## مێژوو

لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەرووشوێن ICMP لە سالی ١٩٩٦ لە کۆربەندی G-7 دامەزرا بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کەسانی بێسەروشووێن کە لە دەرئەنجامی ناکۆکییەکانی رۆژئاوای بەلقان درووست بوون، بەوهۆیەوە توانرا زیاتر لە ٪٧٠ قوربانیانی ئەم جەنگە بناسرێنەوە وە هەروەها ناسینەوەی ٧٠٠٠هەزار قوربانی لەکۆی ٨٠٠٠هەزار قوربانی بیسەروشوینی سربیای سالی ١٩٩٥. لە سالی ٢٠٠٤وە لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەرووشوێن ICMP دەستی بەکار کرد لە سەرانسەری جیهاندا. لەساڵی ٢٠١٤دا وولاتانی هۆلەندا وشانشینی یەککگرتوو و بلجیکا و سوید و لۆکسمبۆرگ رێکەوتنیکی نیودەولەتیان واژوو کرد کە بە پی ئەو رێکەوتنە ICMP وەک رێکخراویکی حکومی نیودەولەتی دامەزرێنرا وە بنکەی سەرەکی لە شاری لاهای دانرا ، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کەسانی بیسەروشوین لە سەرانسەری جیهان، هەر لەو کاتەوە ئەم ڕێکەوتنە لەلایەن چەندین وولاتانی تری وەک چیلی و قوبرس و سەلڤادۆر و سربیا واژوو کراوە وە هەردەم کراوەیە بۆ وولاتانی تریش.

## سپێردراوەکان

سەرۆکی ئیستای لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەرووشوێن ICMP (تۆماس میللەر)ە کە بالیۆزی پێشووی وولایەتی یەککگرتووەکان بووە. ئەمدامانی لیژنەکە بریتین لە خاوەن شکۆ نور شاژنی ئوردون / بالیۆزی کنوت ڤۆلەبەیک و وەزیری پێشوی دەرەوەی نەرویج /بالیۆز رۆلف ئیکیوس، ئەندامی لیژنەی باڵای پیشوو OSCE ی کەمینە نەتەوەییەکان / ئالیستیر برت، وە وەزیری دەوڵەتی بەریتانیا بۆ کار و باری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی/ دادوەر سانجی مۆناگینگ لە دادگای نێودەولەتی تاوانەکان/ بێرت کۆندەرس وەزیری پێشوی دەرەوەی هۆڵەندا/ ماریا یوجینیا بیرزولا دی ئاڤیلا، وەزیری پێشوی دەرەوەی ئەل سیلڤادۆر.

## پالپشتی دارایی

لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کەسانی بێسەرووشوێن ICMP بە تەواوی پشت بە بەخشینی خۆویست دەبەستێ وە بەشێکی سەرەکی لە رێگەی حکومەتەکانەوەیە، پالپشتییە داراییەکان لەلایەن وولآتانی کەنەدا و چیللی و کۆماری چیک و دانمارک و فینلەندا و فەرەنسا و ئەلمانیا و یۆنان و هۆلی سی و ئایسلاند و ئیرلەندا و ئیتالیا و لۆکسمبۆرگ و هۆلەندا و شاری هەیگ و نەرویج و پۆلەندا و ئیسپانیا و سوید و سویسرا و تایلاند و تورکیا و شانشینی یەککگرتوو و ویلایەتە یەککگرتووەکان وە نەتەوە یەککگرتووەکان وە هەروەها یەکیتی ئەورووپاوە دابینکراوە ، پرۆژەی پشتگیری تایبەت لەلایەن لە لایەن دامودەزگای ترەوە دابین کراوە وەک دەزگای چارلی ستیورت مۆت وە دەزگای رۆبرت بۆش و ئینتەرپۆل و زانکۆی کالیفۆرنیا و بیرکیلی و EULEX و پەیمانگای دادوەری هۆلەندا وە هەروەها پۆلیسی ئەفریقیای باشور، لە هان کاتدا لە بەخشینی پالپشتی دارایی وەرگیراوە لە مایکرۆسۆفت و پەیمانگای لیکۆلینەوەی سیستەمی ژینگەی و کۆمپانیای ئۆرەکل و کیایجین.


بنکەی سەرەکی رێکخراوی ICMP
Koninginnegracht 12
2514 AA the Hague، هۆلەندا

ئیمێل:icmp@icmp.int
وێبسایت:www.icmp.int



ICMP.DG.984.13.W.kurd.doc
٨ شوباتی ٢٠١٩